پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هیچ مانگێک هێندەی مانگی شەعبان بە ڕۆژوو نەدەبوو

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هیچ مانگێک هێندەی مانگی شەعبان بە ڕۆژوو نەدەبوو، هەموو ڕۆژەکانی مانگی شەعبان بە ڕۆژوو بوو». ولە گێڕانەوەیەکدا: «هەموو ڕۆژەکانی مانگی شەعبان بە ڕۆژوو بوو، مەگەر چەند ڕۆژێکی کەم نەبێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هیچ مانگێک هێندەی مانگی شەعبان بە ڕۆژوو نەدەبوو، هەموو مانگی شەعبان بە ڕۆژوو دەبوو. لە گێڕانەوەیەکی تردا: هەموو مانگی شەعبان بە ڕۆژوو دەبوو چەند ڕۆژێکی کەم نەبێت، فەرموودەی دووەم تەفسیر ولێکدانەوەیە بۆ فەرموودەیەی یەکەم، واتا: زۆربەی ڕۆژەکانی مانگی شەعبان بە ڕۆژوو دەبوو نەک هەموو ڕۆژەکانی، ووتراوە: هەموو مانگەکە بە ڕۆژوو دەبوو لە کاتێکدا، وهەندێک لە ڕۆژەکانی لە کاتێکی تری ساڵدا بە ڕۆژوو دەبوو، ووتراوە: جاری وا هەبوو ڕۆژەکانی سەرەتای، وجاری وا هەبوو ڕۆژەکانی کۆتایی، وجاری وا بوو ڕۆژەکانی ناوەڕاستی مانگی شەعبان بە ڕۆژوو دەبوو، بۆیە هیچ بەشێکی مانگەکەی جێنەدەهێشت بە بێ ڕۆژووبوون تێیدا لە ماوەی چەند ساڵێکدا، بۆیە پێویستە مرۆڤ زۆر ڕۆژوو بگرێت لە مانگی شەعبان زیاتر لە مانگەکانی تر چونکە ئەمە سونەتی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-، وحیکمەت لەم ڕۆژووگرتنەدا ئەوەیە وەکو ڕاتیبە وایە پێش ڕەمەزان وەکو نوێژە ڕاتیبەکانی پێشی نوێژە فەرزەکان، ووتراوە: تایبەتکردنی مانگی شەعبان بە ڕۆژووگرتن بە هۆی بەرزبوونەوەی کردەوەکانی بەندەکانە، هەروەکو لە سونەتدا ئاماژەی بۆ کراوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6213